وەرزشەکانی ئاوی (الرياضات المائية) (Water Sport):

پێناسەی وەرزشەکانی ئاوی (تعريف الرياضات المائية):

ئەو چالاکیە جۆراوجۆرانەیە بەجۆرێك رێکخراوە بۆ ئەوەی تاك بەتەنها بەلاشەی خۆی یا بەبەکارهێنانی کەرەستەیەکی گونجاو لەناو ئاودا بەئامانجی پەروەردەو پەرەپێدانی توانا جەستەی وزیهنی وکۆمەلایەتیەکانی ئەنجامی بدات، وەرزشی ئاوی بەچەند تایبەتمەندیەك لەوەرزشەکانی تر جیا دەکرێتەوە بەوەی چەندین رێگای هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی یاریزان وبەکارهێنانی قولایی ئاو، وەچەندین هۆکار بەکاردێت بۆ رێکخستنی چالاکیەکان وبوارەکانی جێ بەجێکردنی چالاکیەکان وەك:

1- لە رووی هەڵسەنگاندن (من ناحية التقيم):

أ- بە خاڵ: وەك (خۆ نقوم كردن ، سەمای ئاوی)

ب- بە کات : وەك (مەلەوانی وسەوڵ لێدان ، بەلەمی چارۆکەدار)

ج- بە گۆل: وەك (تۆپی ئاوی)

2- بەگوێرەی لاشەی وەرزشوان (بالنسبة لجسم ممارس):

أ- لەناو ئاو: وەك (مەلەوانی ،سەمای ئاوی ، مەلەوانی ژێر ئاو)

ب- لەدەروەی ئاو: وەك (بەلەمی چارۆکەدار،سەوڵ لێدان،خزین لەسەر ئاو،راوەماسی)

ج- لە دەرەوەو ناو ئاو بە بەکارهێنانی کەرەستە :وەك (خزین لەسەر ئاو،تۆپی ئاوی)

3- هۆکارەکانی رێکخستن (وسائل التنظيم):

أ- چالاکی تاکەکەسی: وەك (مەلەوانی ، خۆ نقوم كردن)

ب- چالاکی بەکۆمەڵ: وەك (سەمای ئاوی، سەوڵ لێدان، بەلەمی چارۆکەدار).

ج- چالاکی لەسەر شێوەی یاری: وەك (تۆپی ناو ئاو)

4- چالاکیە ناریکخراوەکان (الممارسة الغير منظمة):

أ- مەلەوانی کردنی بۆ خۆشی

ب- خۆنقوم کردنی بۆ خۆشی

ج- مەلەوانی کەنار دەریا (بۆ کات بەسەر بردن لە پشوو ومۆلەتەکانی هاوینان)

5- شوێنی ئەنجامدانی مەلەوانی (مجالات التنفيذ):

أ- مەلەوانگە

ب- دەریا

ت- رووبار (زێ)

ح – دەریاچە